# حوكمی تەوكیل كردنی بانكی ئیسلامی و دەزگا خێرخوازیەكان بۆ سەربڕینی ئاژەڵی حاجیان و قوربانی كردن

# حكم توكيل البنك الإسلامي والجمعيات الخيرية في ذبح الهدي والأضاحي

< كوردي >

دەستەی بەشی زمانی كوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# حوکمی تەوکیل کردنی بانکی ئیسلامی و دەزگا خێرخوازیەکان بۆ سەربڕینی ئاژەڵی حاجیان و قوربانی کردن

ئەم پرسیارە ئاراستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار** : ئایا جێ بەجێکردنی ( هدي ) سەربڕینی ئاژەڵی حاجیان وقوربانی کردن لەڕێگای تەوکیل کردنی بانکی ئیسلامی و هەندێك لە دەزگا خێرخوازیەکانەوە کارێکی دروستە ؟

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

سوننەت وایە حاجیان، یان ئەو کەسانە قوربانی دەکەن، خۆیان ئەو ئاژەڵە سەر ببڕن، لەبەر ئەم هۆیانە : -

یەکەم : وەك جابری کوڕی عەبدوڵا ( خوای لێ ڕازی بێت ) لە فەرموودە دوور و درێژەکەی کە باس لە چۆنیەتی حەجکردنی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەکات، بۆی گێراوینەتەوە، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بەدەستی خۆی ( هەدی ) و قوربانیەکەی سەر بڕیوە ... ئەم فەرموودەیەش ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە ..

دووەم : لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی کە بەدەستی خۆی ئاژەڵەکەی سەر دەبڕیت، دڵنیایە لەوەی کە ئاژەڵەکەی سەر بڕاوە، وە دڵنیایە لەو مەرجانەش کە بۆ ئەو ئاژەڵانەی دانراوە کە دەکرێن بە ( هدي ) و قوربانی، وەك ئەوەی کە دەبێت ئەو ئاژەڵە هیچ عەیب و کەم و کورتیەکی تێدا نەبێت، وەك ئەوەی کوێر یان شەل یان کوڵ، یان نەخۆش بێت، وە دڵنیا دەبێت لــە تـەمەنـەکەی لـەگـەڵ کـاتی سـەربـڕیـن و نـاوهێـنـانـی خـوای گـەورەش لـەسـەری ..

بەڵام ئێستا و لەم ڕۆژگارەی ئێستاماندا کە ژمارەی حاجیان زۆر زیادی کردووە، وای لێهاتووە کە زۆر نارەحەتە حاجی خۆی بتوانێت ئەو کارە جێ بەجێ بکات، ئەویش لەبەر دووری ڕێگا و جێگاکانی کڕینی ئاژەڵ و پاشان بردنی بۆ شوێنی سەربڕین، بۆیە حاجیان ناچار دەبن لەبەر دوور کەوتنەوە لە

مەشەقەت و نارەحەتی هەڵسن بە تەوکیل کردنی ئەو لایەنە بەرپرسانەی وەك بانکی ئیسلامی و ئەو دەزگا خێرخوازایانە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو کارە، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَمَا جَعَلَ عَلَيۡكُمۡ فِي ٱلدِّينِ مِنۡ حَرَجٖ ﴾ [ سورة الحج : 87 ] .

واتا : لەم دینەدا هیچ جۆرە شتێکی نارەواو قورسی نەخستۆتە سەرشانتان ، تا ئێوە نەتوانن ئەنجامی بدەن .

بەڵام ئەو کەس و لایەنەی کە دەکرێت بە وەکیل بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستە ئەم مەرجانەی تێدا بێت :

1-ئەو لایەنەی کە کراوە بە وەکیل بۆ کاری سەر برینەکە دەبێت لایەن و جهەتێکی ڕەسمی و فەرمی بێت، یان کەسانێکی خاوەن متمانە وثیقە پێکراو هەستن پێی، بۆ ئەوەی ڕەچاوی ئەو مەرجانە بکات کە پێویستە لە ئاژەڵی ( هدي) قوربانی کردندا دەبێت هەبن ..

2-لەکاتی سەربرینی ئەو ئاژەڵەدا ڕەچاوی دیاری کردنی ئەو ئاژەڵە بکرێت کە بۆ چی کەسێك سەر دەبڕرێت، بۆ ئەوەی بەناوی ئەوەوە سەر ببڕێت ..

وە بە تایبەت سەبارەت بە قوربانی کردن، مرۆڤ دەتوانێت کەس نەکات بە وەکیلی خۆی، وە بۆ خۆی ئەو کارە ئەنجام بدات، بۆیە چاکتر وایە موسڵمان خۆی بەو کارە هەڵبسێت و خۆی قوربانیەکەی بکات، چونکە تەوکیل کردن وا دەکات ئەم سونەتە گەورەیەی پشگوێ بخرێت، بۆیە ئێمە ئامۆژگاری موسڵمانان دەکەین هەتاوەکو دەتوانن خۆیان قوربانیەکانیان سەر ببرن و کەس نەکەن بە وەکیلی خۆیان، بەڵام ئەگەر زانیان تووشی نارەحەتی و مەشەقەت دەبن و بۆیان ناکرێت خۆیان ئەنجامی بدەن، ئەوا کارەکە دەرەفەتی پێدراوە دەتوانیت وەك ووتمان کەسێك بکەیت بە وەکیلی خۆت، بەڵام هەتا بکرێت مرۆڤ خۆی قوربانی بکات و بەدەستی خۆی سەری ببڕێت ..

خوای گەورەش زاناترە ..